## "كردها و كردستان" ی درێك كێنان

تایبەتمەندی زۆریەك لەو كتێب و وتارانەی وا نووسەرە رۆژئاواییەكان لەسەر بزوتنەوەی نەتەوایەتی كوردی نووسویانن، ناتەواویی زانیارییەكانیانە، بەڵام بەهۆی ئەو راستییەوە كە زیهنێكی رەخنەگریان هەیە و شێوازی توێژینەوەی ئەمڕۆیی دەزانن، هەرچۆنێك بێت لەبەرانبەر ئەو ئوسلووبە كۆن و بێ سەرە و بەرەیەی وا لە ناوچەكە و لە ناو ئێمەدا باوە، و بە یەك لابینی و لایەنگری یاخود دوژمنایەتی كوێرانەوە دەناسرێت، سەرنجی زیاتری خوێنەر بەرەوخۆیان ڕادەكێشن.

كتێبی 'درێك كێنیان' - كە رێزدار برایم یونسی وەریگێڕاوەتە سەر فارسی و لە ساڵی 1993 دا لە تاران بڵاوی كردۆتەوە، لەباری قەوارەوە بچوك و لەعەینی كاتدا بە ناوەڕۆكە. كتێبەكە لەڕاستیدا چاوخشاندنێكە بەسەر دیاردەكاندا، هەر لە مێژووی كۆنی كوردەوە تا بزووتنەوە نەتەوایەتیەكانی هەر چوار پارچەی كوردستان - بە سۆڤیەتی پێشووشەوە.

دیاردەی سەرنج ڕاكێشی كتێبەكە كە ئاماژە كردنە بە زۆریەك لە رووداوەكان و ناساندنی ساڵ و رۆژ و مانگی روودانیان –واتە لەم بارەیەوە لە كرۆنۆلۆجیایەك دەچێت.

ئەوەی رۆژهەڵاتی كوردستان بگرێتەوە، سێ بەشن: یەكەم، سەرەتای وەرگێڕ؛ دووهەم، بەشی هەشتەمی كتێبەكە (ئێران لە سەدەی بیستەمدا) و سێهەم، وتاری نووسەرێكی تری ئەمریكی (ئارچی رۆزۆێڵت) كە لەبەر هۆیەكی ڕانەگەێینراو دراوەتە دەم ئەم كتێبەی 'كێنان'.

سەبارەت بە سەرەتای وەرگێڕ دەبێ بڵێم لەوپەڕی بێ ئینسافیدا نووسراوە و گەرچی كتێبەكە باسی مێژوو و سیاسەتی كورد بە گشتی لە هەموو پارچەكانی كوردستان دەكات، وەرگێڕ بە بێ پەیوەندێكی مەنتیقی و بە شێوەیەكی كوێرانە، 25 لاپەڕە جنێو و سووكایەتی بۆ نەمر مستەفا بارزانی نووسیوە و ناوی ناوە سەرەتا بۆ كتێبەكە. مامۆستا برایم - وەك رق لە دڵێكی بێ پارێز شەلم، كوێرم، ناپارێزم، بارزانی هیچ، شێخ مەحموود و ئیحسان نووری و بە گشتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی كوردی داوەتە بەر پلارێكی بی مەنتیق، كە من ئێستاش واتا و هۆكارەكەی تێ ناگەم و تەنیا رەخنە و نارەزایی توندم ئاڕاستەی نووسەر دەكەم و دەڵێم: برالە، خەڵک و خوا لێت هەڵنەگرن بۆ ئەو هەموو بێ ئینسافییەت!

بەڵام بابەتی سەبارەت بە بۆكان لە دوو بەشەكەی دیكە دا :

1. هێڵی جیاكەرەوەی دەسەڵاتی رووس و ئینگلیز لە ئێران كە نووسەر گوتوویەتی لە نێوان سەقز و سەردەشت دا بووە و وەرگێڕ بۆی ڕاست كردۆتەوە گوتوویەتی نێوان سەقز و سنە بووە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچكامیان نییە و نێوان سەقز و بۆكان لە گوندی سەرا بووە (لاپەڕە 118).
2. باسی بانگ هێشتنی هەندێك "فیئوداڵ" دەكات بۆ باكۆ لە ساڵی 1942 دا، كە دیارە عەلی ئاغای عەلیاریشیان لەگەڵ بووە (لاپەڕە 119).
3. لە لاپەڕە 126 دا باسی نێررانی 60 لاوی كورد بۆ خوێندن لە باكۆ دەكات، كە نەمر عەلی گەلاوێژ یشیان لەگەڵ بووە.

جگە لەوانە، گەلێك لە بابەتەكان- وەك تەحویلی چەك لە لایەن رووسەكانەوە بە كۆماری كوردستان و هەڵكرانی ئاڵای كوردستان لە مەهاباد، كە لە پەیوەندی بۆكانیش دا هەن.

لە بەشی كۆتایی كتێبەكەدا وتاری ئارچی رۆزۆێڵت (ی كوڕ) دانراوە بە ناوی كۆماری مەهاباد كە من لە بەشی 144 ی ئەم زنجیرە وتارەدا چوومەتە سۆراغی و لێرەدا پێویست بە دووپات كردنەوەی نابینم.

درك كێنان، *"كردها و كردستان"* ، ترجمه ابراهیم یونسی، انتشارات نگاه، تهران، چاپ اول 1372[1993]، 212 صفحه، فارسی.